# باڵندەی دەستکرد

- ئایا ئێوەیش حەز بە سازکردنی ئەم باڵندە دەسکردانە دەکەن؟
- ئەگەر حەز دەکەن ئەم باڵندە خنجیلانەتان هەبێ، دەبێ بە شێوەی خوارەوە و هەنگاو بە هەنگاو بۆی بچن.





چۆنیەتی سازکردنی پەلەور:

1- چەند باڵندەتان پێویستە، بۆ هەر باڵندەی دوو جار  ئەم دوو ڕەسمە لە سەر مەقەوایەکی سپی و کەمێک ئەستوور دا کۆپیێ بکەن .

2- بە مەقەست کۆپیێی بەڵندەکان دەرهێنن و دوو بە دوو پێکیانەوە بچەسپێنن.

3- لە هەر دووک بەرانەوە ڕەنگیان بکەن و فۆرمی باڵندەیان پێ بدەن. (وەک ڕەسمی ژمارە 1)

4- بۆ نیشاندانی شوێنی باڵ و کلکی باڵندەکە، لە هەر دووک بەرانەوە بە دانانی چەند خاڵی شین ، شوێنەکانیان دیاری بکەن.  (وەک ڕەسمی ژمارە 2)


1


2

ـ بۆ سازکردنی باڵ و کلکی باڵندەکان بەم تەرتیبە بچنە پێش:

1- لاپەڕێک کاغەزی ناسکی ڕەنگین لە نێوەڕاستەوە لەت بکەن.

2- هەر دووک لەتکە کاغەزەکان بەچەشنی نەخشەی ژمارە(4) بە سەر یەکتر دا قەد بکەن و بە مەقەست (مارپێچ)، یان بە شێوەی نەخشەکە هەڵیان بپاچن.

3- دوای هەڵپاچین، کاغەزەکان لێک بکەنەوە و هەر بە وێنەی نەخشەی ژمارە (5) وەک باڵ و کلکی باڵندەکە لە شوێنی خۆیاندا مونتاژیان بکەن.

4- دوای مونتاژکردنی باڵ و کلکی باڵندەکان، دەزوویەکیان لە سەر پشت ببەستن و لە میچی ژوورەکانەوە هەڵیان واسن.


3


4


5